

## عوسمان بانی مارانی
### سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان

# ئەگەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ لەنێوان یەکێتی و پارتیدا بەشبکرێت و نەهێنرێتە ناو پەرلەمان ئەوا پەرلەمان وجودی نامێنێت"

دیداری سۆران پاڵانی

**● عوسمان بانی مارانی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان لە دیدارێکی گۆڤاری لڤیندا دەربارەی گەلێك بابەتی چارەنووسساز پەیوەس بە ئایندەی کوردستان دەدوێت . بانی مارانی لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و لاوازی پەرلەمانی کوردستان و کاردانەوەی ناکۆکییەکانی یەکێتی و پارتی لەسەر کێشەی کەرکوك و مەسەلەی لێبووردنی گشتی دەدوێت لەم دیدارەدا سەرۆکی لیستی سەوز بەوردی وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری لڤین دەداتەوە .**

**لڤین: بڕیار وایە نزیکەی ٧٤٠٠ماڵی عەرەب کەرکوک بەجێبێڵن و بچنەوە شوێنی خۆیان، بەڵام ماڵێکی زۆری کورد گەڕانەوەتەوەو زۆربەیان تائێستاش لەژێر چاودێریدا دەژین بۆچی پەرلەمان و حکومەت هەوڵنادات بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم ئاوارانە تەرخان بکات؟**

عوسمان بانی مارانی: دیارە جیاوازی هەیە لەبەینی هەردوولا، بەڕای من کوردەکان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەگەر پارەشیان نەدەیتێ دەبێ هەر بگەڕێنەوە، ململانێی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەگەڵ کورددا بەدرێژایی مێژوو مەسەلەی کەرکوك بووە. بۆیە خەڵکی کەرکوك لە هەموو کەسێ سوورتربوون بۆ گەڕانەوە بۆ شاری خۆیان، راستە حکومەتی هەرێم دەبێ بەردەوام هاوکار بێت، ئەگەرچی هاوکاریش کراوە، من ئیدارەی سلێمانی (یەکێتی) ئاگادارم و بۆ ئیدارەی هەولێریش خۆتان بەدواداچوونی بۆبکەن، بۆ ئەو پارەیەی کە وەریان گرتووە بۆ من خۆش نییە کە بڵێم جیاوازییەکەی چەندە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە حەز شتێکەو واقع شتێکی ترە، ئەگەر بە حەزی ئەمریکا بێت ئێران نابێت، ئەگەر بە حەزی ئێرانیش بێت ئیسرائیل نابێت. مەسەلەی ئێمە لە کوردستان ئەو بودجەیەی تائێستا وەرمانگرتووە لەگەڵ پارتی بەپێی رێژەی دانیشتوان بەشمانکردووە. ناشتوانین ئەو بودجەیە زۆربەی لە کەرکوك سەرفبکەین، چونکە خەڵکی سلێمانی و کەلارو هەڵەبجەو... لێمان قبوڵناکات. چونکە ئاستی رۆشنبیری خەڵکی کورد لە ئارەزووی بۆ خاكو نیشتیمانەکەی زۆر لاوازەو لەپاشە، من پێموایە دەبێ مووچەکانی خۆمان ببڕین بۆ کەرکوك لە پەرلەماندا داوام لە کاك مەسعود بارزانی کرد کە موچەی خۆم هەموو مانگێ نەمدەنێ بەشێکیش لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ دابنێین بۆ کەرکوكو کەرکوك بە پارە بکڕینەوە. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە ئەگەر زۆربەی بودجەکە لەوێ سەرفبکەین خەڵکی سلێمانی لێمانقبوڵدەکات، چونکە ئێستا کێشەی خزمەتگوزاری و داواکاری هاوڵاتیان زۆرە لەسنوری ئیدارەی پێشووی سلێمانی، لەبەرئەوەی کەموکوڕی هەیە لە تەواوبوونی پرۆژەکاندا.

**لڤین: بۆ سیخوڕەکان لیژنەیەک لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پێکهاتووە، ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لێ نییە، ئێوە لەوبارەیەوە چی دەڵێن؟**

عوسمان بانی مارانی: لەسەر داوای کۆمەڵێ ئەندام پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان کرد لەسەر فایلی سیخوڕەکان، لەهەمانکاتدا هەواڵمان بیست سەرۆکی هەرێم لیژنەیەکی دروستکردووە بۆ ئەو مەسەلەیە لە دەرەوەی پەرلەمان. بەڵام تائێستا ئێمە نازانین ئەو لیژنەیە چۆنە وچ کەسێکی تێدایە، دەڵێن لە پەرلەمانیش خەڵکی تێدایە، بەڵام تائێستا ناوەکەی کەشف نەکراوە. تائێستاش ئەوەی لەبەرچاوبێ ئەو لیژنەیە هیچ هەنگاوێکی نەناوە.

**لڤین: بڕیاروابوو لێبوردنی گشتی دەربچێ، ئەو مەسەلەیە چی بەسەرهات؟**

عوسمان بانی مارانی: پەرلەمان ئەو مەسەلەیەی باسکرد بۆ دەرکردنی لێبوردنی گشتی هەر کەسێکیش گیراوە بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە لەسەر بابەتی سیاسی گیراون ئازادبکرێن، چونکە بۆ ناوبانگمان جوان نییە کە هەموومان لە پەرلەمانداین‌و حکومەت یەکی گرتۆتەوە، خەڵك لەسەر مەسائیلی سیاسی بەندکرابێ، سەرۆکی هەرێم لە جەژندا ١٠٠ تا ٢٠٠ کەسی ئازادکرد. بەبڕیارێك ئازادیکرد بەیاسا نەبوو ئەم بڕیارە، ئەو ١٠٠، ٢٠٠ کەسە لە زیندانەکانی هەولێرو ئاکرێ بوون زیندانییەکانی سلێمانی نەگرتەوە. ئەمەش بەرنامەی لێبوردنی گشتی لە پەرلەمان هەندێ دواخست، بەڵام پەرلەمان جارێکی تر خەریکی ئەو کارەن.

**لڤین: بڕیاربوو لیژنەیەکی هاوکاری لەنێوان پەرلەمانی کوردستان‌و کوتلەی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق دروستببێ، ئەوە بەکوێ گەیشت؟**

عوسمان بانی مارانی: وەکو دانیشتن بۆ مەسەلەی بیروڕاکان تائێستا دانەنشتووین، بەڵام ئێمەیل‌و پەیوەندی لەنێوان هەردوولاماندا هەیە.

**لڤین: هەموو لامان دەزانین دابڕانێک لەنێوان جەماوەرو دەسەڵاتدا دروستبووە ئەلتەرناتیڤی پەرلەمان‌و حکومەت بۆ ئەمە چییە؟**

عوسمان بانی مارانی: ئەمە حەقیقەتە، بەڕای من دەبێ حیزبەکان فشار لە حکومەت بکەن تا شەفاف بێت‌و لەڕووی دارایی‌و خزمەتگوزارییەوە وجودی هەبێت.

**لڤین: حیزبەکانی تر داوای بودجەی تایبەت دەکەن لەلایەن پەرلەمانەوە بۆیان دابینبکرێ؟ ئەگەر بودجە نەهاتە پەرلەمان ئامادەن پەرلەمان بەجێبێڵن؟**

عوسمان بانی مارانی: پەرلەمان، پەرلەمانێکی تەوافوقیەو زۆر تەندروست نیەو هیچ کارێك بەهێزی خۆی نەچۆتە پەرلەمان‌و حیزبەکان دایانناون. دەبێ هەموومان ئەوە بزانین ئەندامانی پەرلەمان هەریەك بەشێکن لە کادری حیزبەکان. بودجەی حیزبەکان کە داوای دەکەن یاخوا بێتە پەرلەمان با ئەوانیش بەشێك وەرگرن. من خۆم لەگەڵ ئەوەدام ئەوانیش بەپێی یاساو قورسایی خۆیان بودجە وەرگرن لە پەرلەمان نەك لە هەردوو حیزب. گەر لە پارتی‌و یەکێتی وەگرن کەواتە ئەوانیش لەژێردەستی ئەواندان‌و تا ماون نە دەتوانن گەشە بکەن‌و نە گۆڕان بکەن. وەرگرتنی ئەو بودجەیە لەلایەن پەرلەمانەوە خاڵێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی دیموکراسی لە کوردستاندا.

**لڤین: باسی ئەوەت کرد ئەندامانی پەرلەمان کادیری حیزبین، پێتوانیە ئەمە لاوازی پەرلەمان‌و قەناعەت نەبوونی ئەندامانی بەخۆیان پیشاندەدا؟**

عوسمان بانی مارانی: فیعلەن زاتیەت لە کوردستاندا زۆر بەهێزە. دەنا لە هەموو دنیا حیزب ڕێبەرایەتی جەماوەر دەکات. پەرلەمان تائێستا نەکەوتۆتە سەر سکەی خۆی‌و خاوەن بڕیار نیە، گەر خاوەن بڕیاربوایە ئەندامانی زیاتر سیقەیان بەخۆیان دەبوو. سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت کە لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی خواردووە دەبێ پەرلەمان بەمەرجەعیەت بزانێ، ئەگەر ئەوان پەرلەمانیان بە مەرجەعیەت نەزانی پەرلەمان مانای چییە. چونکە پەرلەمان لایەنی یاسادانەرەو گەر لایەنی جێبەجێکار بڕیارەکانی جێبەجێنەکرد خۆ پەرلەمان سوپای نییە، پەرلەمان دیاردەیەکی شارستانیە کە یاسا دادەنێ‌و حکومەت جێبەجێی دەکات. وەك وتم گەر بودجە نەیەتە پەرلەمان ئێمە بەدواداچوون بەدوای چیدا بکەین کە نازانین بودجەکە چەندە؟ ساغکردنەوەی حکومەت‌و پەرلەمان لەسەر بودجەی ٢٠٠٧ گەر نەیەت ئەوا ئەوان شتێکی شکلی دەبن‌و حیزبەکانیش بودجەکان دابەشدەکەن‌و ئەندامانی پەرلەمانیش ئەندامی حیزبن‌و دەستبەرداری حیزبی خۆیان نابن. مەسەلەی عەرەبە هاوردەکان ڕاستە ئەوان ئیمتیازیان زیاترە، بەڵام ئەوان دەردەکرێن‌و دەچنە شوێنێکی ترو هەم ئێمەش ئیشمان بەم مەسەلەیە هەیەو مەسەلەکەش مەسەلەیەکی سیاسیەو ئەوانیش گرانتر پێمان دەفرۆشن،، کەرکوکیش بودجەی لەسەر حکومەتی عێراقەو ئەوەی دەیدەین بە کەرکوك لەسەر گرتنەوەی بودجەی شارەکانی تری کوردستانە !

**لڤین: پێتوانیە ئاستی ململانێی یەکێتی‌و پارتی مەسەلەی کەرکوکی وا ئاڵۆزکردووە؟**

عوسمان بانی مارانی: پێموایە چارەسەرکردنی مەسەلەی کەرکوك هەروا ئاسان نیەو وەك نەشتەرگەری مێشك وایە. ئەگەر دکتۆرێکی پسپۆڕ نەبێ سەرکەوتوو نابێت کەرکوك، ئێران، تورکیا، عەرەب بەگشتی لەسەر خەتە بۆی‌و حساباتی زۆری دەوێ، لەهەمانکاتدا هەموویان دەستیان لەناو کەرکوکدا هەیە.لایەکەی تر لەهەموویان خەتەرناکترە. مەسەلەی ململانێی حیزبییەو بەڕوونی پێوەی دیارە، کێشەی یەکێتی‌و پارتی لەوێ وایکردووە. بەشێك لە حەماسەتی کەرکوك بکوژێ بۆ زیاتر چوونەوەیان، حەقە ئەو ململانێیە نەمێ ، چونکە کەرکوك موڵکی هەموومانەو ئەم ململانێی حیزبایەتییە لە کەرکوك هیچ فەرقی نیە لەگەڵ ئەو فشارەی تورکیا.

**لڤین: دەنگۆی ئەوە هەیە کە بودجەی ئەمساڵ نەیەتە پەرلەمان؟ ئەگەر هات‌و نەهاتە پەرلەمان هەڵوێستتان چی دەبێت ؟**

عوسمان بانی مارانی: بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ ئەگەر بەشبکرێ دیارە ئەمە جێگەی نیگەرانی هەموو خەڵکەو دیارە پەرلەمانیش وجودێکی نامێنێ، چونکە یەکێك لەخاڵە گرنگەکان کە خەڵك سیقەی بە پەرلەمان‌و حکومەت هەبێت ئەوەیە کە شەفافیەت هەبێت لە بودجەی دارایی‌و دەبێ ئەو بودجەیە بێتە پەرلەمان‌و بەپێی وەزارەتەکان‌و ئەحزابەکان هەموولا بەپێی یاسا بەشیان بدرێت و پەرلەمانیش بەدواداچوون بکات بەپێی یاسا! بەڵام ئەگەر نەیەتە پەرلەمان، پەرلەمان بەدواداچوون لەسەر چی بکات، بۆیە ئەوە دووڕیانێکە کە ئایا حکومەتی هەرێم‌و پەرلەمان یاسایی دەبن یان نا. پەرلەمان‌و حکومەت دەبن بەمانای وشە یاخودنا؟ دەبێت گوێ لەداواکانی جەماوەر بگیرێ، پلانی باش دابنرێ بۆ مەسەلە سەرەتاییەکانی سوتەمەنی‌و کارەبا، چونکە خەڵکی کوردستان لەوە زیاتر تەحەمولی نەماوە بەبەرچاوی خۆشییەوە شت دەبینێ کە پێیوایە زۆر ناحەقە.